دوای جەنگی جیهانیی یەکەم وەك ئەندامی وەفدی ئەڵمانیا بەشداری کۆنگرەی ئاشتیی کرد کە لە ڤێرسای بەسترا. لە پاش ئەمە دەسەڵات داوایلێکرد دەستوورێکی نوێ بۆ کۆماری ئەڵمانیا گەڵاڵە بکات. ساڵی 1918 کورسی زانستی کۆمەڵناسیی زانکۆی میونخیان پێشکەشکرد، بەلام لەپڕ و ناوادە لە ساڵی 1920دا مرد.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ڤیبەر تەنها دوو ساڵ بەر لە مردنەکەی خۆی تەرخانکردووە بۆ زانستی کۆمەڵناسیو کۆمەڵناسی کردوە بە پیشەی خۆی. ساڵی 1920 بەر لەوەی دانراوە بنچینەییەکەی خۆی (ئابووریو کۆمەڵگە_ Economics and Society) کە دەچێتە بواری تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تەواو بکات مرد، بۆیە یەکێك لە کارە سەختە ئەکادیمییەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1922دا بریتی بوو لە کۆکردنەوەی بەشە پەرشو بلاوەکانی ئەم دانراوەیە کە ڤیبەر بە شێوە بەراییەکەی لەدوای خۆی بەجێیهێشت بوو. بەم شێوەیە ڤیبەر لە پەنجاو هەشت ساڵ زیاتر نەژیا، بەلام شوێن پەنجەی خۆی بەسەر زانستی کۆمەڵناسییەوە بەجێهێشتو بووە یەکێك لە سێ دامەزرێنەرە گەورەکەی ئەم زانستە کە بریتین لە: کارل مارکس، ئەمیل دۆرکهایم، ماکس ڤیبەر.

## گرنگیدانی بە شیکردنەوەی دیاردەی نوێگەری

ڤیبەر بەوە ناوبانگی دەرکرد کە یەکێکە لەو بیرمەندانەی لێبراوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی نوێگەریو چۆنیەتی سەرهەڵدانو شێوەگرتن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، بۆیە هەر ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ کە بیەوێت لەبارەی نوێگەرییەوە بدوێت، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرجەم ئەو نوسینانەی کە ماکس ڤیبەر لە تیۆر و تێزەکانیدا لەبارەی نوێگەرییەوە نووسیونی. پرسیارێك کە ماکس ڤیبەر هێنایە گۆڕێ بریتییە لەمە: بۆچی نوێگەریی زانستیو تەکنەلۆجیو بیرۆکراسی تەنها لە ئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکای باکووردا دەرکەوتن؟ بەواتایەکی دیکە: بۆچی ئەقلانیەت لەم ناوچانەدا زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان پەرەیانسەند؟ ئێمە ئەمە دەلێینو دەشزانین کە نوێگەری بەواتای ئەقلانیکردنی جیهان دێت: واتە لێکۆلینەوەی جیهان بەشێوەیەکی زانستیو بابەتیو ئەقلانی، نەك بەشێوەیەکی غەیبیانیو میتافیزیکیو خورافی. جیاوازیی نێوان کۆمەڵگە مۆدێرنەکانو کۆمەڵگە تەقلیدییەکانیش ئالێرەدایە. لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا ڕوانینێکی کۆنی پڕ لە خورافەو تەژی لە موعجیزەو ئەفسانە باڵادەستبووە، پاشان مۆدێرنە هاتووەو هەمووئەم ئەفسانەوخورافانە بوونەتە هەڵمو جیهان لەسەر راستییە ماتریالیو فیزیاییو بایۆلۆجییەکەی شێوەی گرتووە.

## کرداری کۆمەڵایەتی لای ماکس ڤیبەر

لای ماکس ڤیبەر، کرداری کۆمەڵایەتی بابەتی سەرەکیی زانستی کۆمەڵناسییە، بەوەش پێناسەی کردووە کە بریتییە لە وێنەیەکی رەفتاری مرۆیی کە هەر دوو ئاراستەی ناوخۆییو دەرەکی


کانت

لەخۆدەگرێت، کە لەڕێی ئەنجامدانی کردارەکە، یان ئەنجامنەدانیەوە گوزارشتی لێدەکات. ئەوە کردارە کاتێك تاك واتایەکی خودی دەداتە ڕەفتارەکەی، ئەم کردارە کۆمەڵایەتیشە کاتێك واتای خودیی پێدراوی ئەم کردارە بەهۆی تاکەوە بە ڕەفتاری تاکەکانی دیکەوە ئاراستە بێت بەرەو ڕەفتاریان.[2]” بەپێی تێڕوانینی ڤیبەر و پێناسەکەی بۆ کرداری کۆمەڵایەتی، دەبێت لەسەر دوو ئاست لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، یان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین، ئاستی یەکەم: لە ئاستی واتای خودی تاکەکاندا (واتە ئەو واتایەی کە تاکەکان دەیبەخشن بە کردارەکانیان) لە کرداری کۆمەڵایەتی تێبگەین، بەڵام ئاستی دووەم ئەوەیە کە لە سەر ئاستی کۆمەڵێك لە نێوان کۆمەڵەکاندا لەم کردارە کۆمەڵایەتییە تێبگەین. بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی واتادا لە کارو کردارو ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاك تێبگەین دەبێت بڕوانینە ئەو پاڵنەرو نیەتو گرنگیو واتا زاتییانەی کە تاك دەیدات بە کردەوەکانی، واتە دەبێت لە سەر ئاستی تاكو لە ڕوانینی تاکەکە خۆیەوە بۆ نیەتو پاڵنەرو هۆکارو گرنگی پێدانانەی کە لە پشت ڕەفتاری ئەو کۆمەڵەی کە تاکەکە تێیدا ئەندامە لە واتای کردار، یان ڕەفتارەکە تێبگەین. ئەمەش بەواتای ئەوەی کە دەبێت لەسەر ئاستی بەکۆمەڵو لە ڕوانگەی تاك وەك ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە لە کرداری کۆمەڵایەتی تێبگەین.

کەواتە دەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوەو ڕاڤە کردنماندا بۆ تێگەیشتنو لێکدانەوەی کرداری کۆمەڵایەتیو مرۆیی تاك ئەم دوو ئاستە لەبەر چاو بگرین، جا چ لە ڕێی ڕووبەڕوو بوونەوەی بێت بۆ خودی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، یان لە ڕێی بەشداریکردنی بێت بۆ ئەو گروپانەی کە ئینتیمای هەیە بۆیان.


نیچە

لەمەوە ڕووندەبێتەوە کە ڤیبەر بەوەسفکردنی بابەتی بنەڕەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی خۆیەوە واتایەکی یەکجار فراوانی بەخشیوە بە چەمکی کرداری کۆمەلایەتی، چونکە هەموو جۆرەکانی ڕەفتاری تیادا جێکردوەتەوە، لەبەرئەوەی هەموو واتایەك لەبەری بکەردا دادەماڵێت.

تێگەیشتنی ڤیبەر سەبارەت بە کرداری کۆمەلایەتی دوو تایبەتمەندیی هەیە. ڤیبەر یەکەمجارو بەڕاشکاوی دەروازەیەکی خودی بۆ تیۆری کۆمەڵناسی دادەنێت، ئەویش بەوەی کە تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی کە چەمکە تیۆرییەکان لە کۆمەڵناسیدا دەبێت لە بەر ڕۆشنایی نمونەیەکی دیاریکراوی پاڵنەرییەك (بکەرێکی گریمانەیی) دابڕێژرێت کە بەجێی خۆی نوێنەرایەتی تەسەورێکی گریمانەکراو دەکات، بەلام تایبەتمەندیی دووەم پەیوەستە بە ماناو زناکی ڤیبەر بۆ دەستەواژەی "واتا" کە دەستەواژەیەکە و دانراوە بەیەکێ لەو دەستەواژانەی ڕۆلیان بینیوە لەو مشتومڕانەی کە سەبارەت بە مەسەلەی مێژوو و میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە سەروەختی دەرکەوتنی کارەکانی "ماکس ڤیبەر" لە ئەلمانیا وروژاون.

گرنگ ئەوەیە کاتێ ئەو ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا، مەبەستی لێی ئەوە بوو کە ئاماژە بدات بە ڕەفتار لەبەر ڕۆشنایی گریمانەو ئەو ئامانجەی کە بکەرەکە هەوڵ بۆ بەدیهاتنی دەدات. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی (بەوپێیەی کە کۆمەڵناسی زانستێکی گشتگیرو سەرتاپاگیرە) زانستی کۆمەڵناسی دیاریکردووە بۆ کرداری کۆمەلایەتی، ئەوا ئەمە ئەوەی سەپاندووە کە لە پۆلێنکردنی کردارەکانو چەشنبەندیکردنیاندا هەوڵی بەگەربخات. مەبەستی گشتیو سەرتاپاگیر لە ڕوانینی ئەودا وەك ڕیمۆن ئارون لە ڕاڤەکردنیدا بۆ کارەکانی ڤیبەر ڕونیکردوەتەوە تێگەیشتنی ئەو واتایەیە کە مرۆڤ لە ڕەفتاری خۆی بەرهەمیدەهێنێت، بێگومان ئەم واتا خودییە ئەو پێوەرەیە کە لەسەر بناغەی ئەو دەکرێت، وەك دەروازەیەك بۆ تێگەیشتنی پێکهاتی ڕەفتار پۆلێنی کردارە مرۆییەکان بکرێت. ئەم هەوڵدانەی ڤیبەر بۆ پۆلێنکردنی کردارەکان تا ڕادەیەکی زۆر بیرکردنەوەی ئەوی تۆکمەو توندتۆڵکردووە. کاتێك دەستیکرد بە لێکدانەوەی تایبەتمەندیو ئامانجەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و بەپێی ئەوەی کە بەریهێناوە: پێگەیشتنو ئەقلانییەت دادەنرێن بە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی بۆ ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، و ئەم ئەقلانیەتە لە ڕێی پەیوەندییە دیاریکراوەکانییەوە گوزارشت لە خۆی دەکات.

پرۆژەی ئابووری، برەوسەند دەبێت کاتێك دەوڵەت بەهۆی بیرۆکراسییەتەوە کۆنترۆڵی دەکات، بگرە تەواوی کۆمەڵگەش بەرەو ڕێکخستنێکی بیرۆکراسیانە ملدەنێت، تەنانەت خودی زانستیش لە ڕوانگەی ڤیبەردا دادەنرێت بە ڕواڵەتێکی ئەو پرۆسە ئەقلییەی کە کۆمەلگەی مۆدێرن لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

ڤیبەر پۆلێنبەندییەکی بۆ شێوازەکانی کرداری کۆمەلایەتی کردووە کە دەکرێت لە دروستکردنی نمونە ئایدیالییەکانی ڕەفتاردا پەنای بۆ بەرین، ئەو هاتووە چوار شێوازی بۆ کرداری کۆمەلایەتی دیاریکردووە، کە بەپێی ڕەوتو ئاراستەکانیان بەم شێوەیەن:

1. کرداری ئەقڵی: ئامانجگەلێکی دیاریکراو و ئامرازگەلێکی ڕوونن، کە بکەر ئامانجو ئامرازەکە لەبەرچاو دەگرێتو هەڵسەنگاندنێکی ئەقلییانە هەڵیاندەسەنگێنێت، چونکە ئەو ئەندازیارەی نەخشەی بیناسازیی پرۆژەیەك دەکێشێت یان ئەو باجگرەی حیسابی باجەکانی دەکات، یاخود ئەو فەرماندەیەی بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی خۆی باشترین نەخشە هەڵدەبژێرێت، هەموویان نمونەن بۆ کرداری کۆمەلایەتی ئەقلی.

2. کرداری ئەقڵی کە بەهای ڕەها ئاراستە دەکات: لەم نمونەیەدا تاك هۆشیارە بەو بەها ڕەهایانەی کە تەحەکوم بە کردارەکەوە دەکەن، کە کردارگەلێکن دەشێت ئاکاری بن، یان ستاتیکی بن، یاخود ئایینی بن، کردارەکە بەوە وەسفدەکرێت کە لەو حالەتانەدا تیایدا ناچارە بۆ بەدیهێنانی داخوازییگەلێکی بێمەرج بەرەو بەهای ڕەها ئاراستەکراوە، واتای ئەمە ئەوەیە کە باوەڕ لەبەهای ڕەهادا هۆشیارانەیەو لەبەر خۆی بەبێ هیچ تموحێکی تایبەت بەرەو ئەو ئاراستەکراوە، بۆیە ئەو ئەو ئامرازانە هەڵدەبژێرێت کە پشتیوانی باوەڕی بە بەهاکان دەکەن.

3. کرداری سۆزداری: ڕەفتارێکە لە حاڵەتگەلێکی لاشعوریی تایبەتییەوە دەردەچێت کە بکەرەکە تیایدا دەژی، نمونەی ئەم شێوازەش لە ڕەفتار زۆرە کاتێك کە مرۆڤ ئامرازەکانی لەسەر بنەمای پەیوەندیی ئەو ئامرازە بە ئامانجەکانییەوە، یان

بەهاكانییەوە هەڵدەبژێرێت بەو ئیعتیبارەی لە تەوژمی سۆزەوە هەڵدەقوڵێت.

4. كـــــــــــرداری لاساییكردنەوە: ڕەفتارێكە دابو نـەریـتو بـیروبـاوەرە باوەكان دەیسەپێنن، پاشان گوزارشت لە وەلامدانەوەیەكی میكانیكی دەكـات كە بكەر لەسەری ڕاهاتووە، بێگومان هـێـنـانـەوەی نمـونـەی ئـەم جـۆرە ڕەفـتـارە هەمیشە لە پـەراوێـزی ئەو كـردارەدا دەمێنێتەوە، كە واتاكان ئـاراسـتـەی دەكـەن. ئـەم شـێـوازانـەی كـــرداری كـۆمـەڵایـەتـی گرنگییەكی تـایـبـەتـی لـەو نـەسـەقـە كۆمەڵناسییەدا داگیر دەكەن كە ماكس ڤیبەر دایرشتووە و دەگەڕێنەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكار، لەوانە:

1. ڤـیـبـەر وا وێـنـای زانستی كۆمەڵایەتی دەكات كـە لـێـكـۆڵـیـنـەوەیـەكـی سـەرتـاپـاگـیرە لـە كـرداری كـۆمـەڵایـەتـی، پـاشـان پۆلێنكردنی شێوازەكانی كـــردار بـــووە نـوێـنـەری بـالاتـریـن ئاستەكانی ئەو وێنایەی كە لە لێكۆڵینەوەی بـــواری كـۆمـەڵایـەتـیـیـدا بەكاردەهێنرێت، نموونەش بۆ ئەمە پۆلێنكردنەكەیەتی بۆ نموونەكانی دەسەڵات كە ڕاستەوخۆ لە دیاریكردنی بـۆ شـێـوازەكـانـی كـرداری كۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە.

2. ئـامـانجـی زانستی كۆمـەڵـنـاسـی لای ڤیبەر، تـێـگـەیـشـتـنـی واتـاكـانـی ڕەفـتـاری مرۆییە، گرنگیی ئـــەم پـۆلـێـنـكـردنـە وەك دەروازەیـەكـی پێویست بۆ ڕاڤەكردنی بینای ڕەفتاریش ئالێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

3. لـەكـۆتـایـیـدا، پۆلێنكردنەكەی ڤیبەر بۆ نمونەكانی كردار، تا ڕادەیەك دادەنرێت بە بنچینەیەك بۆ قۆناغێكی مێژوویی هاوچەرخ كـە ڤـیـبـەر بـاوەڕیـوایـە تایبەتمەندییەكی بنچینەیی جیاكەرەوەی ئەو جیهانەیە كە ئەقلانیەت تیایدا دەژی.

## پـــەیـــوەنـــدیـــە كـۆمـەڵایـەتـیـیـەكـان لە تێگەیشتنی ماكس ڤیبەردا :

دووەمـین پیلانی گرنگ لای ڤیبەر بـریـتی بـوو لە لـێـكـۆڵـیـنـەوەی چەمكی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، لێكۆڵینەوەی ئـەم چەمكە یـارمـەتـی ڤـیـبـەری دا لـە لـێـكـۆڵـیـنـەوە كـردارە فەردییەكانەوە بگوازێتەوە بۆ لێكۆڵینەوەی شێوازەكانی ڕەفتار. وێناكردنی ڤیبەر بۆ پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، مەبەستی ڕەفتاری كۆمەڵێكە لـەو كـرێـكـارانـەی كـە لە نـاوەڕۆكـەكـانـی واتـای ئەم ڕەفـتـارەدا یەكدەگرنو بەو بـڕەی كـە هـەر یەكەیان ئەوی دیكە دەخاتە زەینی خـۆیـەوەو لـەبـەر ڕوناكیی ئـەمـەدا ڕەفـتـاری ئاراستە دەكـــات. پـــەیـــوەنـدیـــی كۆمەڵایەتی لای ڤیبەر واتە ئالوگۆڕی كردارەكان لە نێوان تاكەكاندا، ئەمەش لەسەر بنچینەی تێگەیشتنی هەر یەكێكیان بۆ ئەو واتایانەی كە هەر تاكە بۆ ڕەفتارەكانی خۆی زیادیدەكات، ئەگەر چی ڕێچكەیەك بۆ كـردار هەیە، بـــەلام بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە كە لە پەیوەند بە هەموو ئـەو كۆمەڵانەی كـە لـــە پـــەیـوەنـدیـیـەكـی كۆمەڵایەتیی دیـاریـكـراودا ئاراستەیەكی لێكبەرامبەر دەگرێتەبەر، واتا خودییەكە هـەمـان شـت بـێـت. ڤیبەر كورتكراوەیەكی بۆ توێژی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان پێكەشكرد، كە دەكرێت لە ڕاستیدا تێبینی ئەم پێنج توێژە بكەین:

أ_عورف یان چاكسازی: هـــەر لـێـكـچـوونـێـكـی بـەكـردەوە بۆ پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان.

ب_خـــوو: بریتییە لەو عورفەی كە بوونی خۆی لە ئولفەتگرتنو خـووخـدەوە بەدەستدەهێنێت.

ج_شێواز یان ئەو عورفەی كە نوێگەرو نۆژەنكردنەوەیە.

د_خـــووی چاولێكەری: عورفێكی ئارەزوومەندانەیە لە هەیبەتی كۆمەڵایەتیدا، یان عورفێكە كە لەسەر بناغەی شـێـوازە پێودانگییەكان دروستدەبێت.

هـ_یـاســا: كـە كۆمەڵە ڕێسایەكە كە پابەندبوون، یان سزادان لەخۆ دەگرێت بۆ ئەو كەسانەی لێیدەردەچن. وێڕای ئەوەی كە یاسا پشت بە دابو عورف دەبەستێت، بـــەلام جـیـاوازیـی نێوانیان ئەو پابەندكردنەیە كە ڕێسا یـاسـایـیـەكـان لـەخـۆیـانـی دەگرن، بۆیە ڤیبەر پێیوانیە كە كردار هەر تەنها پشت بە پەیوەندیی نێوان ئامرازەكانو ئامانجەكان ببەستێت، بەڵكو بـــەردەوام گرێی دەداتـــەوە بە نەسەقێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو و بەو بارودۆخەی كە لەسایەیدا ئامانجەكان بەدیدێن، پاشانیش ڤیبەر بـە بـــەردەوامـــی بیرمانی دەخـاتـــەوە كە هەموو ئەو چەمكانەی پێشكەشیكردون، لە خۆیاندا بەس نین، بەڵكو دەبێت زانایانی كۆمەڵناسی لـــە بـیـنـاكـردنـی نمـونـە ئایدیالیەكاندا بۆ لێكدانەوەی گـرفـتـە بـەرهـەسـتـەكـان بەكاریبهێنن، بگرە لەمەش زیـاتـر ئـــەم نمـونـانـە بۆ خۆشیان ئامانجی ڕەها نین، بەڵكو ئامرازی لێكدانەوەو ڕاڤەكردنی دروستن.

سەرچاوە:

http://philosophie69.jeeran.com

riwek21/archive/2010/2//1014811.html

# بێرتراند راسڵ
## داهێنەری فەلسەفەی شیکاری

**لە فارسیەوە: دانا عەبدولرەحمان**

بێرتراند راسڵ نوسەری بەناوبانگ و فەیلەسوفی هاوچەرخی ئینگلیزی، چەندین بەرهەمی لە دوای خۆی بە جێهێشتووە، کە فەلسەفەی لە سەدەی بیستەمدا خستوەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ئەو باوەری وابوو کە نابێت مرۆڤ خەریکی خۆ هەڵکێشانی خۆی بێت و تووشی لە خۆبایبوون بێت.

ئەو دەیوت: مرۆڤ شتێکی بچووکی ناچیزە لە ژیانی هەسارەیەکی بچووک، کە لە گۆشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەدایە، لەوانەیە لە بەشەکانی تری گێتی دا کۆمەڵە بوونەوەرێك هەبن کە رادەی گەورەییان بەرامبەر ئێمە وەکو رادەی گەورەیی ئێمە بێت بە ئەستێرەی دەریایی، کەواتە مرۆڤ نابێت لەخۆبایی بێت، بێرتراند راسڵ فەلسەفەی لەگەڵ لۆژیکدا مەعنا دەکرد، بە بۆچوونی ئەو بە شیکردنەوە و توێژینەوەی لۆژیکی دەتوانرێت بۆ هەمیشە مەعریفەیەکی مرۆیی تەواو دڵنیا بەخش بهێنرێتە



کایەوە.

## لە دایکبوونی فەیلەسوفێك

بێرتراند راسڵ ئارتۆر ویلیام راسـڵ لـە (18)ی مایسی (1872)دا لە ((ڤـۆلـز))ی بەرتـانـیا لـە خێزانێکی ئەرستۆکراتی چـاوی بە جیهان هەڵهێناوە، باپیرە گـەورەیـان(ئـەرەسـتـۆ)ی فەیلەسوفە، هەروەها باپیری واتە (جۆن ئارل راسـڵ) ی یەکەم لە ساڵانی (1840 تا 1860) دا سەرۆك وەزیری بەریتانیا بووە.

مامیشی (بـێرتـرانـد دۆکی شـەشـەم) بـە یـەکـێـك لە یاریدەدەرانی سەرۆك وەزیر دەژمێردرا، باوەڕی بنەماڵەی بـێـرتـرانـد لـەسـەر بنەمای لیبرالیزم بوو، دایکی بێرتراند (کیت) لەنەوەکانی ئەرستۆی فەیلەسوفە.

لە راستـیـدا دایـك و خـاڵی بێرتراند (کۆنتیس)1 بوون، بـاوکـی بـێرتـرانـدیـش لە کۆشکی پادشادا پلەوپایەی هەبوو، ئەو مامۆستای بۆ بێرتراند و دوو منداڵەکەی تری گرتبوو، تاوەکو فێری زمـانـەکـانـی فـەرەنـسـی و ئەڵمانیش ببن.

(فـرانـك) کـوڕە گـەورەی خێزان و (7)ساڵ لە بێرتراند گەورەتر بوو، رەشڵا تەمەن چوار ساڵ ودووەمین کوری خێزان و بێرتراند دواهەمین منداڵیان بوو، کاتێك بێرتراند تەمەنی سێ ساڵ بوو، دایکی بەهۆی نەخۆشی (دیفتری)2 کە لـەو سـەردەمـانـەدا بوو کۆچی دواییکرد و رەشڵی بـراشـی تـوشـی هـەمـان نەخۆشی بـوو، ماوەیەکی کەم لە دوای مردنی دایکی ، ئەویش مرد.

لـە کـانـوونـی دووەمـی 1876دا بـاوکـی تووشی نەخۆشی(برۆنشیت)3 بوو، پاش خولێکی دوور و درێژ و ناخۆش و خەمناك، فرانك و بێرتراندی لەم دنیایەدا بە تەنیا جێهێشت، هەر بۆیە فرانك و بێرتراند ناچار بوون کە بچنە (ریجمۆند پارك)لای باپیرەیان(باوکی باوکیان)، بـەڵام بۆ بەدبەختی(ئارل راسـڵ) ی باپیرەشیان لە سـاڵی(1878)دا لە کاتێکدا بـێـرتـرانـد تـەمـەنـی شەش ساڵان بوو، کۆچی دواییکرد.

بێرتراند لەبەرئەوەی حەزی لـە خـوێـنـدن بـوو لـە مـاڵی باپیرەی بە خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفیەوە خەریك بـوو، لـە تـەمـەنـی هـەژدە ساڵیدا چووە زانکۆی ترنتی لـە (کـامـبرێـج) و بـە پلەی نایاب خوێندنی لە بەشی فەلسەفە تەواوکرد ، فرانکی براشی روویـکـردە نوسینی قوتابخانەی ئەقلیدسی و کاریگەری زۆر بوو لەسەر رێبازی بێرتراند.

بێرتراند لە ساڵی (1894)دا و لـە دوای تـەواو کردنی خوێندن ، بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی زانستی ئەم زانکۆیە و ماوەیەکیش بۆ دەستکەوتنی داهاتی زیاتر، لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە پاریس کاریکردووە.

## خوێندنەوەی فەلسەفە

راسـڵ لـە کـاتـی دەسـت بـە تـاڵـیـدا سـەرگـەرمـی قوتابخانەی فیکری جیاواز بـوو، دیـدگـاکـانـی خـۆی لـەم بـارەیـەوە بە نووسین دەدەبری.

هـەر لـەو کـاتـەنـەدا بـوو لـەگـەڵ کچێکی ئەمریکی تەمەن(17) ساڵاندا، بەناوی (کـوا کـرپـسـال ئەسمیت) دا ئاشنا بـوو، حەزیلێکرد و کواکریش پـەیوەستدار بوو بە فەلسەفە و مەعریفە ناسییەوە و لەسەر مەزهەبی پرۆتستانت بـوو، بێرتراند سەرەنجام لە ساڵی (1895) دا زەواجی لەگەڵ کرد، بەڵام ئەو هاوسەرگیرییە بەردەوام نەبوو لە ساڵی (1902)دا واتـــە پـــاش (7) ســاڵ ئەنجامەکەی جیابوونەوە بوو.

بـێـرتـرانـد مـاوەیـەك چـووە بـەرلـیـن و سـەرگـەرمـی خوێندنەوەی قوتابخانەی فەلسەفەکان بـوو، پاشان گـەڕایـەوە بـۆ بەریتانیا و لە دەوروبـەری (هاسلمر) نیشتەجێ بـوو، زۆربـەی کاتەکانی بە خوێندنەوەی فەلسەفەوە خەریکدەکرد.

بـێـرتـرانـد ئـاشـنـایـەتـی لەگەڵ(کانستنس مالسۆن)ی هونەرمەندی بەناوبانگی ئـەو رۆژگـاره پـەیـدا کـرد، کانستنس لە کۆلێژی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەیخـوێـنـد، بـێرتـرانـد ماوەیەکی کورت دەزگیران بوو لە گەڵیدا، بەڵام دواتر لە یەکتری جیابوونەوە.

بێرتراند لەو ساڵانەدا کۆمەڵێك کتێبی دیاریکراوی نووسی ، بۆ نمونە:(پرەنسیپەکانی ماتماتیك) و لێکۆڵینەوەیەکی رەخـنـەگـرانـە دەربـارەی فەلسەفەی (لایبنز)، کە لە بەناوبانگترین کتێبی ئەو رۆژگارە بوون.

راسڵ جارێکی تر گیرۆدەی عەشقێکی نـوێ بـوو لە روسیا، بە کچێك ئاشنابوو بەناوی(دۆرا بلاك) و بریاریدا هـاوسـەرگـیری لـەگـەڵـدا بکات، لە سـاڵی (1927) دا لـەگـەڵ هاوسەرەکەیدا قوتابخانەیەکی دامەزراند، هەر ئەو رۆژانە هەواڵی مردنی براکەی کارەساتێکی گەورە بوو بۆ راسـڵ و ماوەیەکی زۆی بـە گـۆشـەگـیری و دوورەپـەرێـزی بەسەربرد، ژیانی لەگەڵ (دۆرا)ش دا بەردەوام نەبوو.

سـاڵی 1936 لـەگـەڵ ژنێکدا بەناوی (پاتریشا) ( کە خوێندنی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو کرد بوو سێ منداڵیشی هەبوو) هاوسەرگیی کرد.

راسـڵ بۆ پێشکەشکردنی کۆمـەڵێ وتـاری دیاریکراو چووە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس، پاشان چووە نیویۆرك و لە ئێستگە رادیۆییەکانی ئەو سەردەمەدا

خەریکی وتاربێژی بوو، ئایدیای خۆی بە جیهان ناساند.

### دژی ستەم و جەنگ

راسڵ زۆر بە جدی دژی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بوو، هەوەها بەرامبەر هێرشی وڵاتانی زلهێز بۆ سەر وڵاتە بێهێزەکان وەستایەوە، تەنانەت دادگایەکی بۆ دادگاییکردنی غیابی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا دامەزراند، کە بەناوی خۆی، واتە(دادگای راسڵ) بە ناوبانگ بوو، ئەو لایەنگری ئازادی رەها و بێسنور و پەیوەندی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بوو، باوەری وابوو کە مرۆڤی ئازاد، هەرگیز لە بەرامبەر ستەم و زۆرداریدا سەرداناخات و دەستبەرداری ئامانج و ئارەزووەکانی خۆی نابێت، بەڵکو تەنیا پەیرەوی لۆژیك و بەڵگەی یەقین و دڵنیایی دەکات.

راسڵ بەهۆی ئەو راگەیاندنانەوەی کە لە رۆژانی جەنگی جیهانیدا بە چاپی گەیاند بە(100) پاوەند غەرامە مەحکومکرا و کتێبخانەکەشی دەستی بەسەرداگیرا، پاش دوو ساڵ بەهۆی نووسنی وتار دژی جەنگ شەش مانگ زیندانی کرا، لە زینداندا بەرهەمی بەناوبانگی خۆی بەناوبانگی بەناوی (پێشەکیەك لەسەر فەلسەفەی ماتماتیك) نووسی.

راسڵ لە ساڵی (1950) دا بەهۆی بەرگری بەردەوامی لە مرۆڤایەتی و ئازادی بیروڕا کە لە بەرهەمەکانیدا زۆر هەستپێدەکرا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بنەمای فەلسەفەی راسڵ لۆژیکی ئەو بوو، بیروڕاکانی لە بارەی زانستی میتافیزیك و مۆراڵ و ماهیەتی پەیوەندی مێشك و مادە لە سەردەمانی ژیانیدا، تووشی گۆڕانێکی بنەرەتی بوو.

### ژیان و مەرگ

راسڵ پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لەگەڵ پاتریشیادا چەند گەشتێکی ئەنجامدا، بەڵام لە ناوەڕاستی گەشتەکەیدا لە هاوسەرەکەی جیابووەوە و پاش ساڵێك، لە کاتێکدا لە زانکۆی (فیلادلفیا) دا سەرگەرمی (وتاربێژی) وانە وتنەوە بوو ، ئاشنایەتی لەگەڵ(لوسی دانلی) ئەندامی ئەنجومەنی زانستی زانکۆ پەیداکرد و هاوسەرگیری لەگەڵدا ئەنجامدا.

راسڵ ماوەیەك بە چاودێری دەرمانی پێدانی یەکێ لە منداڵەکانی هاوسەری پێشوی بەسەر برد(جان) کە کوری(دۆرا) بوو ، تووشی نەخۆشی دەروونی بووبوو، بە وتەی پزیشکان ئەو تووشی (شیزۆفرینا) بووبوو، لە نەخۆشخانەی دەروونی خەوتبوو، راسڵ دڵێکی میهرەبانی هەبوو،



ئەرستۆ